

## سەفارەتی عێراق لە ئەسکەندەنافیا

# تەنها شوێنێکی سوید کە لە عێراق دەچێت

راپۆرتی کامەران ئیسحاق پەری
سوید – تایبەت بە لڤین

● دوابەدوای ئەوەی وڵاتانی ئەسکەندەنافیا لە بڕیارێکیاندا ئەوەیان راگەیاند دوای رووخانی سەدام چیتر کار بە پاسپۆرتی پەناهەندە ناکرێتو کاری رەسمی بە پاسپۆرتی عێراقی نوێ دەکرێت، بۆیە هاوڵاتییە عێراقییەکانیش بۆ نوێکردنەوەی پاسپۆرتەکانیان روویانکردۆتە باڵیۆزخانەی عێراق لە سویدو قەرەباڵغییەکی زۆریان بۆ باڵیۆزخانەکە دروستکردووەو لە بازاڕێکی قەرەباڵغی شارە کۆنەکانی سەردەمی دێرین دەچێت، مەزادخانەیەکە بۆ خۆی، شێوازی راپەڕاندنی کار لە وەرگرتنی فۆرمو داواکارییەکان لە هاموشۆکەرانی باڵیۆزخانەو لەودیو پەنجەرە ئاسنینەکانییەوە لە کۆگای گۆشتفرۆشی مەسلەحە یا زیندان یا حانووتی مەکتەبێکی بۆگەن دەچێت، چاوەڕێکردنی خەڵکی رەشوڕووتی چاوەڕێکراوی بەردەم باڵیۆزخانەش لە عێراقییە داماوەکانی پێشو پاش کەوتنی سەدام دەچن، کە بۆ کیلۆیەك ئاردو شەکر بە سەعات تابووریان دەبەست تا شتێکیان بەرکەوێتو قوتی برسێتییانی پێ تێربکەن .

### رەوشی بەردەم باڵیۆزخانەکان

سەرەڕای ئەوەی لایەنی بەرپرس هەوڵیداوە ئەم قەرەباڵغیو ئاڵۆزییە کەمبکاتەوە، بەڵام پێدەچێت هەوڵی چاککردنەکان نەگەشتبێتە ئەنجامێکی وا کە ئەنجامەکەی ببینرێت، ئەم وتانەی بۆ ئێوە نووسراونەتەوە لەو قسەو باسانەن کە لەبەردەم باڵیۆزخانەکەدا، هاوڵاتییە عێراقییەکان دەیانڵێنو دەرخەری ئەو بێزارییەن بەهۆی نارێکیو بەڕێوەنەچوونی مامەڵەکانیان:

"لەکاتژمێر هەشتی سەرلەبەیانییەوە هاتووم، کەوکوژی وەستاوم لێرە، ئێستا کاتژمێر یەكو نیوی نیوەڕۆیەو هێشتا بەڵگەم بۆ تەواونەکراوە"

هاوڵاتییەکی تر دەیگوت: "لە سەعات دەی بەیانییەوە لێرەم بۆ ئەوەی پاسپۆرتی مناڵەکانم وەرگرم، هەردوو سەعات جارێك پاسپۆرتێکم بۆ دەهێننەوەو ئەڵێی قیستیان لەسەرە".

زۆری کێشەکان لەوەوە دروستبوون کە فەرمانبەرانی باڵیۆزخانەکە کە بەهەڵە ناوی کەسێکیان تۆمارکردووەو کێشەی بۆ زۆرێك لەو رەوەندە عێراقییانە دروستکردووە، ئەم هاوڵاتییە دەڵێت: "پاسپۆرتی منداڵەکانم ناویان بەهەڵە نووسراوە، کەس نییە چاکی بکات، ئەم دێت دەڵێت تەواونەبووەو ئەوی تر دەڵێت خەریکین،

نازانم باوەڕ بە کامیان بکەم".

لەبەردەم باڵیۆزخانەکەدا وادەردەکەوێت فەرمانبەرەکان کاریان دیاریکراوو فەرمی نەبێت، چونکە هاوڵاتییەك کێشەکەی ئەوە بوو لە بەیانییەوە ناو دەنووسێت، وەك خۆی دەڵێت: "وەك قاز ریزدەبین، کەچی ریزەکەمان لێتێکدەدەنو هەر کارمەندەو کۆمەڵێك ناو دەنووسێتو هیچیشی دیارنییە، دەوام دوو سەعاتی ماوە، هێشتا سەدوپەنجا کەس لێرە وەستاون".

نەبوونی متمانە بە کارمەندەکانی باڵیۆزخانەکە، یەکێکی ترە لەو گرفتانەی تووشی رەوەندی عێراقی دەبێت لە کاتی مامەڵەکانیان، ئەم ئافرەتە کێشەی ئەوەیە کارەکەی بۆ تەواونەکراوەو پێیدەڵێن ئیشەکەت بخەرە سبەینێ، بەلام بێ هیچ گرەنتییەك رەوانەی دەکەنەوە، ئەو دەڵێت: "بە من دەڵێن پاسپۆرتەکان بەجێبهێڵەو بەیانی وەرە بۆت تەواودەکەین، منیش دەڵێم وەسڵێکم بدەرێ کە من پاسپۆرتم داوە بە ئێوە، دەڵێ وەسڵمان نییە، باشە بڵێم پاسپۆرتم دا بە کێ، ناوت چییە؟ کارمەندەکە پێمدەڵێت ببورە خوشکم ناتوانم ناو بڵێم، تەعلیمات دەڵێت ناو بە کەس نەدەین".

هەروەها هاوڵاتییەکی تر هەمان کێشەی متمانەو ناشەفافی کاری باڵیۆزخانەکەی هەبوو، ئەو وتی: "پێیانوتم جارێ بچۆ ئەو وەسڵی دووسەدوپەنجا کرۆنە دەفع بکە، پاشان خوا گەورەیە، ئاخر چۆن خوا گەورەیە، نازانم بۆم دەکرێت یان نا".

ئەوەی کە پێویستە بوترێت

دیارە مێژووی کۆنی باڵیۆزخانەی عێراقی لە سوید مێژوویەکی پڕ لە زۆرداریو ناهەقیو ناپاکی بووە بەرامبەر هەموو عێراقییەك بەگشتیو کورد بەتایبەتی، کاری باڵیۆزخانەی عێراقی لە سەردەمی زێڕینی بەعسییەکاندا جگە لە راپۆرتنووسینو کاری سیخوڕی، هیچ کارو پیشەیەکی تریان نەبووە، تەنانەت هەر لەناو باڵیۆزخانە زیندانی تایبەتو شێوازی زۆری ئەشکەنجەدانیان هەبووە.

تەمەنی باڵیۆزخانەکە وەك دەزگایەکی خزمەتگوزاریی بۆ عێراقییەکان دەزگایەکی ساوایەو کارمەندەکانیشی لەو بوارە هێندە لە ئاستێکی بەرزی تێگەیشتنو پیشەیی نین، ئەوەی دەبینرێت لەم باڵیۆزخانەیەدا سوودوەرنەگرتن یان کارنەکردنە بە بروانامەو پێوەری گوزەران لە ئەورووپای مۆدێرنو تەواوی کارمەندەکان کە لە باڵیۆزخانەکە کاردەکەن، پتر لە چەند ساڵێك لە ئەورووپا ژیاون، بەلام کە دێتە سەر ئەوەی بە ئەقڵییەتێکی ئەورووپایی کارو خزمەتگوزاری پێشکەشبکەن، هەموویان بەپێچەوانەی ئەو ئەورووپاییبوونو مەدەنیەتە کاردەکەن، کاری ئەم کارمەندانە لەو دکتۆرانەی کۆن دەچێت کە بروانامەی مەلەکییان هەبوو، بەلام کە مامەڵەیان لەگەڵ نەخۆش دەکرد بە عەقڵی رۆژهەڵاتیی کاریاندەکرد، هاوڵاتییەکی عەرەبی عێراقی کە پێنج مانگ چاوەڕێ بووە تا بانگکراوە بۆ باڵیۆزخانە بە مەبەستی دەرکردنی پاسپۆرت، بەمجۆرە وەسفی باروودۆخەکەی کردو وتی: "هەستدەکەم لە عێراقم، ئەمە من هەشت ساڵە لە سویددام، یەکەمجارە هەستبکەم لە شوێنێك دەژیم مۆرکی عێراقییەتی تیابێت، مۆرکی گەرەلاوژێو کەمتەرخەمی تیابێتو رێز لە کات نەگیرێت"

کارمەندانی باڵیۆزخانە لەسەر بنەمای حزبایەتیو تایەفی نەك پسپۆڕی رووخسار زۆر گرنگە بۆ باڵیۆزخانە.. قاتو بۆینباخ گرنگە کە کارمەندانی باڵیۆزخانە لەبەریاندا بێت، گرنگیشە بەو عەقڵییەتی قاتو بۆینباخە کار بۆ خەڵکی راپەڕێنرێتو کارئاسانییان بۆ بکرێت، بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەم مەسەلەیە چووینە بنجوبناوانی.

کارکردن لە باڵیۆزخانەیەك کە بۆ راپەڕاندنی کاروباری سێ وڵاتی ئەسکەندەنافیا (سویدو نەرویجو دانیمارك) کە هەرسێکیان قەرەباڵغترین ژوانی پەنابەری عێراقیین، بۆ مرۆڤێکیش کە لە نەرویج یان دانیمارك یان لە شارێکی ترەوە بیەوێت بێتە باڵیۆزخانە، بری هەزار دۆلار کەمتر یان زیاتر خەرجدەکات، لە کاتێکدا دەرکردنی پاسپۆرتی سویدی کە ماوەکەی بۆ دە ساڵە، بری تەنها 35 دۆلاری تێدەچێتو لە نزیکترین نووسینگەی پۆلیسی شارەکان دەکرێت ئەو کارە ئەنجامبدرێت، کارمەندەکانی باڵیۆزخانەش لە ئاستی گەورەیی کێشەی هاوڵاتییاندا نین، پاشان دامەزراندنی کارمەندەکانیش لەسەر بنچینەی تەوافوقەو هەمووشتان باش دەزانن وشەی تەوافوق چۆن بۆتە بنێشتە خۆشەی سەرزاری سیاسەتی دامەزراندنو کارراپەڕاندنی ئەمڕۆمان، ئەمەش کارێکە پێویستە لە بنەڕەتەوە چاوی پیابخشێنرێتەوە.

ئەگەر بێتو باڵویزخانە بە حاڵەتی ئێستای بەردەوامبێت تووشی کێشەی زۆر گەورە دەبێتو بچووکترینیان وەرسبوونی دراوسێکانیەتی لە قەرەباڵغی بەردەرگای سەفارەت کە بەدرێژایی مێژووی نوێخوازی سوید مەگەر ئەم دیاردەیە لەبەردەم کۆگاکانی کاڵافرۆشێکی هەرزان مابێت، گەورەترینیشیان ئەو ناوبانگە خراپەیە کە رەنگە لای میدیاو رای گشتی سویدیی بۆ دروستبێت... لەوێشەوە بگاتە بەردەم حکومەتی تازە هەڵبژێردراوی مۆدێرنی سویدی.. بۆ ئەمەشیان بروانە مەلەفی رووداوەکانی بەردەم باڵیۆزخانەکانی وڵاتان لە سویددا، باڵیۆزخانەی عێراقی یەکەمین باڵیۆزخانەیە کە رۆژانە پۆلیسی بۆ دەچێت بۆ دەستگرتن بەسەر کێشەو گەرەلاوێژکاندا.

سەرەڕای کێشەکان...

بەپێی ئامارێکی ئامادەکراو لەلایەن باڵیۆزخانەی عێراقی کە تیایدا دەرخستووە چەند کار راپەڕێندراوە، هاتووە ژمارەی ئەم داوانامانەی کە لەلایەن بەشی کۆنسوڵیەی باڵیۆزخانەی عێراق لە ستۆکهۆڵم جێبەجێکراون 29542 داوانامەیە.

ئاماری بەشی کۆنسوڵیی بۆ ئەم کارانەی کە لە ماوەی نێوان 2004/11/1 تا 2005/6/30 جێبەجێکراون.

| جۆری داوانامە | ژمارە |
|---|---|
| پاسپۆرتی نوێ | 29542 |
| درێژکردنەوەی ماوەی پاسپۆرت | 1839 |
| دیاریکردنی ناسنامەی لەدایکبوون | 1563 |
| نامەی پشتگیریی رەگەزنامە | 3902 |
| ژیاننامە | 1232 |
| بریکاری کارپێسپاردنی گشتیو تایبەت | 1575 |
| پەسەندکردنی مۆر | 307 |
| ڤیزا | 1418 |
| گواستنەوەی تەرم | 9 |
| نامەی پشتگیری بۆ مەبەستی جۆراوجۆر | 340 |
| کۆی گشتی | 24550 |

لە راستییدا ئەمە ژمارەیەکی زۆرە لە کارە راپەڕێنراوەکانو هەر ئەمەشە وایکردووە کە ئەم هەموو قەرەباڵغییە هەبێتو ئەم نارەزاییانەش بێنە ئاراوە، بەلام بەرلەوەی کۆتایی بەم بەدواداچوونە بێنین، پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە لەبری ئاسانکاریو راپەڕاندنی کارەکان، باڵیۆزخانە چەند پارەی دەستکەوتووەو چەندێکیشی بۆتە داهاتێك بۆ



## سەفارەتێکی پڕ لە کێشە

فۆتۆ : کامەران ئسحاق پەری

باشتر بەڕێوەچوونی کارەکان بە گۆڕینی سیستمی کارکردن لە فۆرمی نووسراوی کۆمپیوتەرو پۆستو ئیمەیڵ، جگە لەوەش داهاتێکی تری باڵیۆزخانە ئەوەیە بەرامبەر جێبەجێکردنی داوانامەکان، باڵیۆزخانە بڕی ئەم پارانەی کە وەك میرانە وەردەگیرێت لەلایەن باڵیۆزخانەی عێراقی لە سوید بەپێی ئەم خشتەیەیە:

– (150) کرۆنی سویدی، دیاریکردنی ناسنامەی لەدایکبووی عێراق.

– (300) کرۆنی سویدی، بریکاری کارپێسپاردنی گشتی (وکالە عامە).

– (100) کرۆنی سویدی، بریکاری کارپێسپاردنی تایبەتی (وکالە خاصە).

– (250) کرۆنی سویدی، درێژکردنەوەی ماوەی پاسپۆرت.

– (50) کرۆنی سویدی، پەسندکردنی مۆر.

– (200) کرۆنی سویدی، وەرگرتنی پاسپۆرتی نوێ.

بە وردبوونەوە لەو بڕە پارەیەی دانراوە بۆ باڵیۆزخانە، دەکرێت خزمەتی باشتری عێراقییەکان بکرێت، باڵیۆزخانە بەمشێوەیەی ئێستای کارکردنو ڕاپەڕاندنی پتر لە بیستوپێنج هەزار کار بۆ هاوڵاتیان لە ماوەی چەند مانگێکدا جێگەی دەستخۆشیو لە هەمانکاتدا نائومێدیشە، سەرقاڵیی باڵیۆزخانە بەم کارانە هەندێك کاری تری وەك ئاوڕدانەوە لە چارەنووسی پەنابەرە بێ مۆڵەتنامەکانی مانەوە لە سویددا کەمتردەکاتەوە، هەروەها بوونیشی بە دەزگایەکی ناسراو وەك باڵیۆزخانەی نائاسایی بارشێواو سەنگوسەدا، بەهای خۆی کەمدەکاتەوەو پێویستە بیر لە دەرگایەك بکرێتەوە بۆ دەرچوون لەو قەیرانەی کە تووشی بووە لەگەڵ هاوڵاتیان، بە نموونەش؛ داواکردن بۆ دەرکردنی پاسپۆرت ماوەی سێ تا چوار مانگی دەوێت.

### لێدوانەکانی باڵیۆز، عێراقییەکانی دڵتەنگ کردووە

ڕۆژنامەی (ئافتۆن پۆست)ی نەرویجی لە 1/22/2007 چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەحمەد بامەڕنی باڵیۆزی عێراق لە سوید کردووەو قسەکانی بوونەتە جێگای نارەزایی عێراقییەکانی دانیشتووی ئەسکەندەنافیا.

لەو چاوپێکەوتنەدا باڵیۆز ئاماژەی بەوە کردووە کە بارودۆخی کوردستان ئارامەو کوردەکان ئێستا دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ عێراق، ئەم لێدوانانەش ئەو پرسیارەی لەنێو حکومەتو میدیای سویددا وروژاندووە، ئەگەر بارودۆخ ئارام بێت کوردەکان بۆچی ناگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان؟!

کوردەکانی ئەسکەندەنافیا ئێستا مەترسیی ئەوەیان هەیە کە ئەم لێدوانانەی بامەڕنی کاربکاتە سەر سیاسەتی گشتی ئەو وڵاتانەو چاو بە مەلەفی پەنابەر تێیدا بخشێننەوە، هەرچەندە دوای دروستبوونی هەڵلایەکی گەورە لەسەر ئەو لێدوانانە، باڵیۆز لە ڕوونکرنەوەیەکدا ئاماژەی بەوەدا کە قسەکانی ئەو لەو ڕۆژنامەیەدا بە هەڵە گواستراونەتەوەو لێکدانەوەی هەڵەیان بۆ کراوە.

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، دارا ئەحمەد بێکەس سکرتێری یەکەمی باڵیۆز ئەو هەواڵانەی بەدرۆخستەوە کە گوایە مەبەستی باڵیۆز لە ئارامی کوردستان ئەوەبێت کە بارودۆخەکە ئارامە بۆ گەڕانەوەی پەنابەران وەك ئەو وتی مەبەستی سەفیر ئەوە بووە هانی کۆمپانیا نەرویجییەکان بدات بۆ هاتنیان بۆ کوردستانو کارکردن لەوێ.

بەهەرحاڵ هەرچۆنێك بێت باڵیۆز کەوتووەتە بۆسەی ڕۆژنامەنووسەکانەوە، چونکە ئەگەر قسەکە بەو جۆرەش کرابێت، ئەو پرسیارە بەدوای خۆیدا دەهێنێت؛ ئای وڵاتێك ئاسایش بێت بۆ بازرگانیو سەرمایەگوزاری، بۆچی ئاسایش نییە بۆ گەڕانەوەی دانیشتووانی؟!